# سەدەی ٢١ و هاوکێشە تازەکانی شەڕی سارد !!!

سەفین عومەر

لە ئەنجامی ئامادەکاری شەڕی کەنداو دا، کە خۆیان گووتەنی بە مەبەستی وەلانانی ڕژێمە سڕبووەکەی بەغایە، درۆیەکی زل ئاشکرا بوو. هەرکەس دەزانێ کە ئامریکا و دۆستەکانی مەبەستیان وەلانانی "صدام حسین" بێت ئەوا کاری تیمێك یان موشەکێك یان چەند فڕۆکەیەکە و بەس، بەڵام دیاردەکان وای نیشان دەدەن مەبەستی سەرەکیان هەندێك شت بن کە لە دوای شەڕەکەوە دەردەکەونە ڕوو و، تارادەیەك لە لایەن دەورووبەرو لایەنەکانی پەیوەندیدار هەستیشی پێکراوە کە ئەم کێشمە کێشم و قسە زۆرانە بۆ تێهەڵدانی "ابو عدی" نین.

لە کاتێکدا کە شەڕی ساردی نێوان ئەوروپا و وڵاتەیەکگرتوەکانی ئامریکاش خۆی زیاتر دەردەخاتە ڕوو و، خۆی ڕێك دەخاو سیاسەتەکانی ئەم دوو هێزەش بەرامبەر بەیەکتری قوڵتر دەبن و، وا خەریکە لەواری پراکتیکیدا کاریشی پێدەکرێ. دیارە ئەمە ڕێکەوتێك نییە، بەڵکو ئەم ناکۆکیەش گرێدراوی ئەنجامی دوای شەڕی کەنداوە، شایەنی ئاماژە بۆ کردنە کە هێشتا شەڕەکەش دەستی پێنەکردووە. چونکە ئەم برایانە تاوەکو ٩٠ کانیش دۆستی گیانی بەگیانی یەك بوون و بە قسەی خۆمان بێ "موویان بە بەینی وە نەدەچوو".

پێم وایە کە هەرکاتێك دەستەواژەی شەڕی ساردمان بەر چاو بکەوێ، یانیش بەر گوێ بکەوێ، ئەوا ڕاستەوخۆ شەڕی ساردی نێوان هەردوو بلۆکی سۆسیالیزمی بونیادنراو و ئیمپریالیزممان بیردەکەوێتەوە. یان بەرەی ناتۆ و وارشۆ، یان بەشێوەکی تر ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا (شرق و غرب) بەڵام پێویستە کەمێك قوڵتر و بەرفراوانتر ڕووە و جیهانی پراتیزەبوونی ئەم چەمکە غلۆر بینەوە و، بزانین دەریای سیاسەت و ئابوری و ڕێکخستنی ئەو شێوە شەڕە چ جۆرەیە. چونکە بەشێکی زۆر لە مەنسولەکانی باشوری وڵاتمان شەڕی سارد بە شەڕی نێو بەفر و سەرماو سۆڵ تێدەگەن.

لە کاتێکدا کە دووهێز یان دوو بۆچوونی جیاواز یان دوو وڵات یان دوو بەرە بەرامبەر بەیەکتری ناکۆك دەبن، ئەوا شەڕی یەك دەکەن جا هۆیەکەی چی دەبێ با ببێ یان شێوازەکەی چی دەبێ با ببێ. بەڵام تاوەکو ئێستا دوو شێوازی سەرەکە هەن کە بەکاردەهێنرێن و، ئەم دوو جۆرەش چەندین لق و پۆپیان لێ دەبێتەوە.

یەکەم: شەڕی چەکداری یان شەڕی گەرم. لقەکانیشی وەك شەڕی پارتی زانی "گەریلایی"، یان شەڕی سەنگەر لێك گرتن "نیزامی"، یان شەڕی نێو شاران و. . . . هیتد.

دووەم" شەڕی سارد. لقەکانی ئەم شەڕەش بریتین لە شەڕی ئابووری، شەڕی فیکری و ئایدۆلۆژی، شەڕی ڕاگەیاندن و سیاسی و نەوت و شتی تریش.

لەکاتێکدا کە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئامریکا و برا بچوکەکانی وەك نێرە کەر خۆیان بەسەر جیهاندا دەسەپێنن و، چ وڵات و هێزیش ناتوانین دەنگی ناڕەزایی دەربڕن نەوەك لوشکەیەکیان بۆ بوەشێنێ، لە هەمان کاتدایە کە چەند وڵاتێکی ئەوروپاش بە سەرۆکایەتی فەرەنسا و ئاڵمانیا هەوڵ دەدەن کەمێك لەم جیهانەدا خاوەن پشك بن. جێی وەبیر هێنانەوەیە کە ئەم هاوکێشەیەش لەدوای لێك هەڵوەشانەوەی بەرەی سۆسیالیزمی بونیاد نراودا بەرە بەرە پەرەی سەند و، خەریکە لەقۆناخی شەڕی کەنداو دا ڕاستەوخۆ دەبێتە دوو بیرۆکەی دژ بەیەکی تووندو تۆڵ و پتەو و، دەست دەکەن بە شێوە شەڕێکی سارد کە دەتوانین پێی بڵێین شەڕی ساردی نێوان ئامریکا و ئەوروپا.

مەبەستی سەرەکیم لەم نوسینەدا ئەوەیە کە "کندا"ش دەنگی خۆی خستە پاڵ دەنگی ئەوروپا. کندا کە وڵاتێکی زۆر مەزن و بە توانایە و لە زۆر بوارانداا نزیکی ئامریکایە، کەچی دەنگی خستە پاڵ دەنگی ئەوروپا. هۆی ئەم یەکەش ئەوەیە کە نەوەك ئامریکا هێز و توانا و ڕێکخستنی خۆی بەتەواوی لە جیهاندا سەقامگیربکا و پاشان پشت لە "کندا" ی دۆستی خۆیشی بکا. هەر لە ئەنجامی ئەم یەکەدایە کە "کندا"ش بەشداری شەڕی سارد بووە و، ئەوویش لە گەڵ خودی ئامریکا دا لە هەندێك شتدا ناکۆکە.

له ڕۆژی ئەمڕۆماندا دەتوانین بە گوێرەی قسەکانی سەرەوە بگەینە ئەنجامی ڕاستی سیاسەت و سیاسەتکردن، کە سیاسەت تەنها ڕەت کردنەوە یان قبوڵ کردن نییە، بەڵکو بە مەبەستی ئارمانجە سەرەکیەکان و ستراتیژیەکان خەبات و تێکۆشانێکە بۆ گەیشتن پێیان. جا هیواداریین سیاسەتچیەکانی باشوور پەلە نەکەن و زوو نەڵێن فلانە ولات برامانە و فلانە هێزی کودیش دووژمنمانە. بەڵکو کەمێك وەك کندا دووربین بن و بتوانن خاوەن تێڕوانینێکی یەك گرتوو بن و ولاتانی دەوروبەر وەك خۆیان ببینن، نەك لە ئەنجامی بانگهێشت کردنێك یانیش نیشاندانی بزە و خەندەیەك وەك دۆست و برای ستراتیژی خۆمانی ڕاگەیەنین و لەسەر هەمان بنەماشی لەگەڵدا هەڵسوکەوت بکەین.

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت